Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.Conf-2019-04

# ڕۆڵی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە پەروەردەکردنی تاکدا
# دەزگای نوری حیکمە بۆ پەروەردە و ڕۆشنبیری وەک نمونە

زانا محمد أمين سعيد　　　　أميد محمد نجمه محمد

بەشی پەروەردەی ئایین // کۆلێجی زانستە ئیسلامیەکان // زانکۆی سلێمانی

***Article Info***

Received: May , 2019

Accepted: October , 2019

Published : May, 2022

***Keywords***

ڕێکخراوی ناحکومی – دەزگای نوری حیکمە – پەروەردە – تاک.

***Corresponding Author***

omed.najma@univsul.edu.iq

zana.ameen@univsul. edu.iq

پوختە:

ئەم توێژینەوەیە لە ڕۆڵی ئەو ڕێکخراوە ناحکومییانە دەکۆڵێتەوە کە ڕاستەوخۆ کار لەسەر پەروەردەی تاک دەکەن، لەوانەش دەزگای نوری حیکمە بە نموونە. ئامانج لەم توێژینەوەیە ناسینی ڕۆڵی دەزگای نوری حیکمەیە لەبواری پەروەردەیدا لەدیدی فێرخوازان و هەڵسوڕاوانی دەزگا، هەروەها دەرکەوتنی خاڵی بەهێز و لاوازی ئەو دەزگایەیە لەوبوارەیەوە، لە پێناو دەرکەوتنی ڕۆڵی زیاتری لە کۆمەڵگەدا هەردوو توێژەر پەیڕەویان لەوەرگرتنی نموونەی مەیدانی کردووە و پشتیان بە پێشنیار و فۆرمی ڕاپرسی بەستووە، فۆرمی ڕاپرسیش لە سێ( ٣ ) ڕووانگە پێک هاتووە(فێربوون، پەروەردە، چالاکی و گشتی).

لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە: دەزگای نوری حیکمە بەیەکێک لە دەزگا ناحکومییەکان ئەژمار ئەکرێت کە بە پێی یاسای دیاری کراو کاردەکات، تێکرای فێرخوازان و هەڵسوڕاوانیشی گرنگی و پێویستی ئەم دەزگایە بۆ کۆمەڵگە بەباش دەزانن، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ڕۆڵی ناوبراو لە دروستکردنی تاک و خانەوادە و کۆمەڵگەدا بەڕۆڵێکی ئەرێنی گەورە دادەنرێت. هەروەها ئەم توێژینەوەیە چەند ڕاسپاردەیەکی گرنگی ئاشکراکردووە، لەوانە: پێویستی گرنگی دانی زیاتری دەزگا بە پەروەردەکردنی تاک بە بیری میانڕەوی و دوورخستنەوەی تاک لە توندووتیژی لە هەموو بوارەکاندا، هەروەها زاڵکردنی زمانی لێک تێگەیشتن لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا

## پێشەکی:

**سوپاس و ستایشی فراوان و بێ پایان بۆ خوای گەورە، لەگەڵ داواکردنی دروود و ڕەحمەت بۆ سەرگیانی پێغەمبەر و هاوەڵانی بەگشتی.**

کوردستان وەک پێگەیەکی نیمچە سەربەخۆ هەرلەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو، دەرگای بۆ چەندین ڕێکخراوی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی کردەوەو ڕایگەیاند کە ئەوانیش وەکو حکومەت دەتوانن ئازادانە کاری ڕێکخراوەیی و مرۆیی ئەنجام بدەن. یەک لەو ڕێکخراوانەی بوێرانە بڕیاریدا شان بە شانی دام و دەزگاکانی حکومەت کاری ڕێکخراوەی مەدەنیانە و میانڕەوانە بکات، دەزگای نوری حیکمە بۆ پەروەردە و ڕۆشنبیری بوو.

دەزگای ناوبراو هەر لەیەکەم دەسپێکیدا کاری پەروەردەیی و ڕۆشنبیری خۆی لەشارەکانی هەولێر و سلێمانی دەستپێکرد و دواتریش پەلی بۆ چەندین شوێن و ناوچەی کوردستان هاویشت،ئیدی پەروەردە و فێرکردن ئاوێتە بە باشترین پەیامی زەمینی و ئاسمانی کە قورئانی پیرۆزە لە ڕەگەوە چەکەرەی کردو و قەد وچڵ وپۆپی ووردە ووردە پێگەیشت.

گۆڕانکاری سەردەمیانە و پێشکەوتنی زیاتری ڕاگەیاندن وئامێرە زیرەکەکان، تاکی لە کۆمەڵگەدا کردە بەشێک لە قوربانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە زیرەک و پێشکەوتووەکان، لێرەوە ڕۆڵی دەزگای نوری حیکمە بە ڕوونی دەردەکەوێت کە بوو بە بەشێک لە هۆکاری پەروەردەکردنی تاکی نیشتیمان و ڕۆشنبیرکردنی بەشێوەیەکی دروست و سەردەمیانە. بۆ زیاتر دڵنیابوون لە کاری پەروەردەیی ئەم دەزگایە هەستاین بە توێژینەوەیەکی مەیدانی سەبارەت بەڕۆڵیان لە پێگەیاندنی تاکدا و دەرخستنی ئاست و کاریگەریان لە بواری پەروەردەیی لە کوردستاندا.

## یەکەم: کێشەی توێژینەوە

زۆرێک لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان هەنگاو بەرەو باشتر هەڵبگرن، هەربۆیە کاری خزمەتگوزاری و پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و مرۆیی جێگای بایەخیان دەبێت، کاتێک تاکەکانی نێو کۆمەڵگە دەڕواننە ئاستی خزمەتی تەواوی ڕێکخراوەکان، دواجار لەو شوێنەوە سەرهەڵ ئەدەن کە باشترین و گونجاوترین ئاستیان بووە.

بەڵام ئەوەی جێگەی باس و خواستە ئەوەیە تا چ ئاستێک ئەم ڕێکخراوانە لە کوردستان توانیویانە ڕاستەوخۆ خزمەتی پەروەردەیی تاکی کوردی بکەن و هەنگاو بەرەو بەهێزکردنی خانەوادەکان بنێن؟ دەتوانین کێشەی توێژینەوەکە لە چەند پرسیارێکی سەرەکیدا نیشان بدەین:

1 - ئایا دەزگای نوری حیکمە وەک یەک لە ڕێکخراوەکان لە ئاستی بەرپرسیاریەتی تاکدا بووە؟

2 - ئایا دەزگای نوری حیکمە توانیویەتی لایەنی پەروەردەیی تاک بەرەو پێشبەرێت؟

3 - ئایا تاکی کوردی چۆن دەڕوانێتە دەزگای نوری حیکمە؟

## دووەم: گرنگی توێژینەوەکە

- ئەم توێژینەوەیە دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی زانستییە وەک پارمەتیدەرێکی توێژینەوەکانی پێشووتر لە هەمان بابەتدا.
- هاندانی تاکی کوردیە بەرەو پەروەردە بوون و خۆڕۆشنبیرکردن لەم جۆرە دەزگایانە.
- دەرخستنی ڕۆڵی کاریگەری پەروەردەیی و مرۆیی دەزگای نوری حیکمەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

## سێیەم: ئامانجی توێژینەوە

- زانینی ڕاست و دروستی لایەنی پەروەردەیی دەزگای نوری حیکمە لەلایەن فێرخوازانەوە.
- جێکەوتەکانی لایەنی پەروەردەیی دەزگا لەسەر تاکەکان.
- خستنەڕووی تەواوی زانیاریە نەبیستراوەکانی تایبەت بە کاریگەری دەزگا لەسەر تاکەکان لە ڕووی پەروەردەییەوە.

## چوارەم: پلانی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لە دوو باس پێکهاتووە:

باسی یەکەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە. هەر باسێکیش لەچەند تەوەرێک پێکهاتووە

باسی دووەم: لایەنی پراکتیکی و مەیدانی توێژینەوەکە. هەر باسێکیش لەچەند تەوەرێک پێکهاتووە

## باسی یەکەم

## لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردوستان لەڕوی یاساییەوە لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێم تۆمار دەکرێن و بەپێی یاساو ڕێنماییەکانی ئەو فەرمانگەیە مۆڵەتی کار و چالاکیان پێدەدرێت، دەزگای نوری حیکمەش یەکێکە لەودەزگایانەی کە مۆڵەتی لەو فەرمانگەیە وەرگرتووە، بۆ ئاشنا بوون بەو فەرمانگەیەو دەزگای نوری حیکمە لە دووتوێی چوار تەوەردا باسیان لێوە دەکەین:

### تەوەری یەکەم: پێگەی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان

فەرمانگەی ڕێکخراوە نا حکومییەکان پاڵپشت بە یاسای ژمارە یەکی ساڵی ٢٠١١ ی پەرلەمانی کوردستان و پەیڕەوی ژمارە (چوار)ی حوکومەتی هەرێم دامەزراوە، ئەو فەرمانگەیە ڕاستەخۆ گرێدراوە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە و ئەرکی جێبەجێکردنی یاسای ژمارە یەکی ساڵی ٢٠١١ و تۆمارکردن و ڕێکخستنی کاروباری ڕێکخراوە ناحکومییەکانە لە کوردستاندا[١]. بەو پێیە بێت ئەو فەرمانگەیە سەر بەهیچ وەزارەتێک نیە و خودی خۆی وەکو وەزارەتەکان ڕاستەوخۆ سەربەئەنجومەنی وەزیرانە و فەرمان لەوێوە وەردەگرێت.

### تەوەری دووەم: ستراتیژی کاری فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان

ستراتیژ بە واتای ئەو سیاسەت و ڕێگاو پلان و پەیڕەوانە دێت کە دەگیرێنە بەر لە پێناوی بەدەستهێنانی ئامانجەکان لەنزیک ترین کات و بەکەمترین ماندوبوون، ستراتیژی کاری فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانیش وەک لە پێگەی فەرمی ئەو فەرمانگەیەدا بڵاوکراوەتەوە بریتین لەم چەند خاڵەی خوارەوە:

١- هەوڵدەدات مانی گەشە بە کاری ڕێکخراوەیی لەهەرێمی کوردستان بدات و زەمینەی لەبار بۆ ئەو مەبەستە لەڕێگەی پرۆسەی تۆمارکردنی ڕێکخراوەکان بەشێوەیەکی ئاسان و شەفاف برەخسێنێت، بەشێوەیەک کە تەواوی ماددەو برگەکانی یاسای ڕێکخراوە ناحوکومییەکان وەک خۆی جێبەجێبکات و میکانیزمی تایبەتی بۆ بدۆزێتەوە.

٢- هەوڵدەدات لەڕێگەی جێبەجێکردنی یاسای تایبەت بەڕێکخراوە ناحکومییەکان مەودای نێوان حکومەت و ڕێکخراوەکان کەمبکاتەوەو ڕێکخراوەکان بکات بەهاوبەشی ڕاستەقینەی حکومەت و بەشداریان پێبکات لەتەواوکردنی ئەو سێکتەرانەی کە حکومەت پێویستی بە هێز و توانای ڕێکخراوەکانە.

٣- هەوڵدەدات هەر برە پارەیەک کە ساڵانە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی بودجەدا بۆ پرۆژەی ڕێکخراوەکان دابینیدەکات، لە ڕێگەی لیژنەیەکی هەڵبژێردراو بەشێوەیەکی شەفاف و لەچوارچێوەی پێشبڕکێیەکی دادپەروەرانەدا ببەخشێتە باشترین پرۆژەی ڕێکخراوەکان، ئەو پرۆژانەی کە لەخزمەت بەرژەوەندی گشتیدا دەبن.

٤- هەوڵدەدات ڕایەڵی پەیوەندی نێوان ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و ڕێکخراوە ناحکومیە ناوخۆییەکان بێت، بەئاراستەی گەشەدان بەتوانای ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ بەرزکردنەوەی تواناکان و کاری پێکەوەیی و پرۆژەی هاوبەش.

٥- کاردەکات لە پێناو دروستکردن و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان دامەزراوە حکومییەکان و ڕێکخراوەکان بە ئاراستەی گەیشتن بە کاری هاوبەش و پێکەوەیی و گەیشتن بە شەراکەتی ڕاستەقینە.

٦- کاردەکات لە پێناو کاری پێکەوەیی نێوان کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەچوارچێوەی پرۆسەی "بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی".

٧- هەوڵدەدات لە پەیوەندی بەردەوامدا بێت لەگەڵ ڕێکخراوەکان لە ڕێگەی کۆبوونەوەی خولی و بەرنامەی پێکەوەییان هەبێت بەشێوەیەک فەرمانگە بەردەوام لە ئاستەنگ و گرفتی ڕێکخراوەکان ئاگاداربێت و کار بکات لەپێناو کەمکردنەوە و چارەسەرکردنیان.

٨- کاردەکات لەپێناو گەیشتن بە سیستمێکی ئەلیکترۆنی بۆ ڕاییکردنی مامەڵەکانی فەرمانگە لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکان و چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی[٢].

## تەوەری سێیەم: ژینگەی پەروەردەی تاک لە کۆمەڵگادا

### یەکەم: واتای پەروەردە

پرۆسەی پەروەردە لەو ڕوانگەیەوە کە هەر لەسەرەتای مرۆڤایەتیەوە نەوەکانی ئادەم پێی هەستاون و هەمیشە هەوڵیان داوە منداڵەکانیان بەباشترین ڕێگادا برۆن پرۆسەیەکی کۆنە، بەڵام لەو ڕوانگەیەوە کە وەک زانستێک کەلەسەر ئەزموون و تاقیکردنەوە دەوەستێت مامەڵەی لەگەڵ کراوە و خراوەتە ڕیزی زانستەکانی ترەوە دەتوانین بڵێین دەستەواژەیەکی تازەیە.

زاراوەی پەروەردە یەکێکە لەو زاراوانەی زۆرترین پیناسەی جیاوازی بۆکراوە، هەریەکێک لە فەیلەسوفەکان و ئەخلاقناسەکان و زانایانی دەرونی و کۆمەڵناسی و زانایانی تریش بەگشتی پێناسەی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ پەروەردە کە لێرەدا بواری باسکردنی هەموو ئەو پێناسانەمان نیە، بەڵام بەگشتی دەتوانین بڵێین پەروەردە زانست و فەلسەفە و هونەر و لێهاتوویی و پیشەسازی و خزمەتگوزاریە، هەموو ئەو هۆکارانە بەکاردەهێنرێن بۆ ئاراستەکردنی مرۆڤ بەرەو بەرزی و تەواوی و ژیانێکی گەشەسەندوو، پەروەردە هەموو ڕەهەندە بەردەستکانی مرۆڤ دەگرێتەوە[٣].

### دووەم: ژینگەی پەروەردەی ئیسلامی

مەبەست لە ژینگە پەروەردەییەکان ئەو شوێنانەن کە پرۆسەی پەروەردەیان تێدا ئەنجام دەدرێت، بەو پێیەی ئەو شوێنانە ئەرکی پەروەدەکردنیان لە ئەستۆدایە[٤]، لێرەدا بەکورتی ئاماژە بەگرنگترین ئەو دەزگا و ژینگانە دەدەین کە ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی تاکدا:

**١- خێزان**

خێزان بە یەکەم و کۆنترین دەزگای پەروەردەیی مرۆڤ دادەنرێت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، مرۆڤ زۆورترین کاتی ژیانی لەو دەزگایەدا بەسەردەبات و سەرچاوەی یەکەمە بۆ وەرگرتنی بیرو باوەڕ و خوو و ڕەوشت و بیر و بۆچونەکان، جا ئەگەر سەرچاوەیەکی باش بێت ئەوە مرۆڤەکە بەرەو باشی ڕادەکێشێت و ئەگەر خراپیش بوو بە ئاڕاستەی خراپدا دەیبات[٥].

لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا و لەڕێگەی خێزانەوە منداڵ فێری هونەر و ئەزمونەکانی باوکی دەبێت و زانیاری لێوەردەگرێت و هۆزیش هاوکاری باوکانە بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانی، ئەگەرچی ئێستا بەهۆی پەرەسەندنی کۆمەڵگاکان و پێشکەوتنی زانستیەوە چەندین ژینگەی تر شانبەشانی خێزان بەشدارن لە پەروەردەی تاکدا.

دەبینین ئیسلام گەورەترین ئەرکێک کە دەیخاتە سەرشانی دایک بریتیە لە پەروەردەکردنی نەوەکانی داهاتوو و بنیاتنانی مرۆڤ، بە پێچەوانەی کۆمەڵگا لادینیەکان کە دایک لەگەڵ باوکدا لەماڵ دەردەهێنێت بەمەبەستی کارکردن و منداڵەکانیان فەرامۆش دەکەن و بەوەش هەرچی هەستی سۆز و خۆشەویستی و بەزەیی هەیە بەرامبەر باوک و دایکیان لەدەستی دەدەن و لە جێی پەروەردەی دروست فێری خوو و ڕەوشتی خراپ دەبن.

لە ئیسلامدا لە سەر خێزان پێویست کراوە کە منداڵەکانیان ئاراستە بکەن بەرەو کاری چاکە و دوورکەوتنەوە لە کاری خراپ، بۆ نموونە خوا گەورە دەفەرموێت:[ وَأْمُرْ أَهْلَكَ بِالصَّلَاةِ وَاصْطَبِرْ عَلَيْهَا لَا نَسْأَلُكَ رِزْقًا نَحْنُ نَرْزُقُكَ وَالْعَاقِبَةُ لِلتَّقْوَى ][٦]، واتە: (ئەی موحەممەد فەرمانبدە بە ئەندامانی خێزانەکەت بە نوێژکردن و خۆیشت ئارامگر و بەردەوام بە لە سەربەجێهێنانی)، بەهەمان شێوە بۆ هەموو ئاکار و ڕەوشتە جوانەکانی

ڕۆژانە وەک شێوازی خواردن و خواردنەوە و جل و بەرگ و هتد، پێویستە باوک و دایک ڕێنمونی منداڵەکانیان بکەن و لەسەر باشترین ئاکار ڕایانبهێنن، بەو شێوەیە خێزان دەبێتە قوتابخانەی یەکەم و سەرەکیترین ژینگە بۆ پەروەردەکردنی تاک لەناو کۆمەڵگادا.

**٢- مزگەوت**

لەکۆمەڵگای کورددیا مزگەوت ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە و دەبینێت لە پەروەردەی تاکەکاندا، پێغەمبەریش (درودی خودای لەسەربێت) دەستی بەهەرشوێنێک گەیشتبێت مزگەوتێکی لێ بونیاتناوە تا ببێتە جێگەی بەندایەتی خەڵک و دەزگایەکیش بێت بۆ پەروەردەی تاکەکان، لەم ئایەتەدا هەردووک ڕەهەندی بەندایەتی و پەروەردەیی وەک دوو ئەرکی سەرەکی مزگەوت دەردەکەوێت، خوای گەورە دەفەرموێت: [فِي بُيُوتٍ أَذِنَ اللَّهُ أَنْ تُرْفَعَ وَيُذْكَرَ فِيهَا اسْمُهُ يُسَبِّحُ لَهُ فِيهَا بِالْغُدُوِّ وَالْآصَالِ][٧]، واتە: (لە مزگەوتانێکدا خودا مۆڵەتی داوە کە بەرزو بڵند ڕابگیرێت و یاد و زیکری خودای تێدا بکرێت و بەیانیان و ئێواران تەسبیحاتی تێدا بکرێت، پیاوانێک کە بازرگانی و کڕین و فرۆشتن بێئاگایان ناکات لە یادی خودا و نوێژکردن و زەکات دان لە ڕۆژێک دەترسن کە دڵ و چاوەکان تێیدا ئاوەژوو دەبن).

بەکورتی ئەرکە پەروەردەییەکانی مزگەوت خۆی لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە:

١- شوێنی ئەنجامدانی نوێژی بەکۆمەڵ و جومعە و جەژنەکان و ڕۆژگیران و مانگگیران و هتد..، بە دڵنیاییەوە ئەو پەرستشانەش کاریگەری پەروەردەیی خۆیان هەیە.

٢- بەشداریکردن لە بازنە زانستیەکانی ناو مزگەوت کە لەڕێیانەوە مرۆڤ شارەزای حەڵاڵ و حەرام دەبێت و چاک و خراپ لێک جیادەکاتەوە و هاندەدرێت بۆ خۆڕازاندنەوە بەڕەوشتە جوانەکان و دوورکەوتنەوە لە ڕەوشتە ناشیرینەکان.

٣- پەروەردەکردنی خەڵک لە ڕێگەی ووتاری هەینی و ووتارەکانی ترەوە.

٤- دەکرێت سەرپەرشتیارانی مزگەوت سەردانی ئەو کەسانە بکەن کە لەسنوری گەڕەکدا توشی ساردبونەوە بوون لە بە جێگەیاندنی نوێژەکانیان و کاری خێر و چاکە و بەدواداچوون بۆ ئەو ماڵانەی کێشەی ئابووری و نەخۆشی و دەردەسەریان هەیە پاشان هاوکاری کردنیان بۆ چارەسەری کێشەکانیان.

٥- یەکترناسینی موسوڵمانان لە کاتی کۆبونەوەیان بۆ نوێژە بەکۆمەڵەکان.

٦- زۆرجار مامۆستای مزگەوت دەتوانێت لە ڕێگەی ئامۆژگاری تاکەوە گۆڕانکاری لەکەسەکەدا دروست بکات کاتێک دەبینێت لە شتێکی دیاریکراودا گرفتی هەیە و ئەویش هانی دەدات لەو خراپەیە دووربکەوێتەوە[٨].

٧- مزگەوت شوێنی چارەسەری کێشەو ئاریشەی خەڵکە و لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا زۆرێک لە کێشە کۆمەڵایەتیەکان لە مزگەوتدا کۆتاییان پێدێت.

٨- مزگەوت دەزگایەک بووە بۆ فێرکردن و نەهێشتنی نەخوێندەواری[٩].

ئەوەی ئاماژەمان بۆکرد بەگشتی ئەرکە پەروەردەییەکانی مزگەوت بوون، ئەگەر سەیرێکی ڕۆڵی مزگەوتیش بکەین لە کوردوستاندا دەبینین هەمان ئەو ڕۆڵانەی بە زیادەوە گێڕاوە و تەنانەت تا سەدەیەک بەر لە ئێستا تاکە دەزگای پەروەردە و فێرکردن بووە و خوێنەوار و پەروەرشیارە ناودارەکانی ئەم ووڵاتە زۆرینەیان بەرهەمی مزگەوتەکانی کوردوستانن.

## ٣- قوتابخانە

لەدوای خێزان مرۆڤ زۆرترین کاتەکانی ژیانی لە قوتابخانەکاندا بەسەردەبات، لەبەر ئەوەیە کە قوتابخانە بە یەکێک لە ژینگە کاریگەرەکانی پەروەردەی تاک دادەنرێت، دەزگایەکە بۆ فێربوون و پەروەردەبوون، مامۆستاکان لە چاوی خوێنکارەکانیاندا وەکو پێشەنگ سەیر دەکرێن و شوێن پێیان هەڵدەگیرێت، قوتابخانەش کاتێک ئامانجی خۆی دەپێکێت کە بەکردەیی نەوە لەدوای نەوە پەروەردە بکات بە پەروەردەیەکی تەندروست، هەر قوتابخانەیەک بنچینەکانی دروستبونی تێدابوو ئەوا قوتابخانەیەکی سەرکەوتوە بۆ پەروەدە و فێرکردن، بنچینەکانیش بریتین لە:

أ- مامۆستا: مامۆستا کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر خوێندکاران و ئەوانیش لە دەوری کۆدەبنەوە، مامۆستا پێشەنگ و ئامۆژگاریکەر و فێرکەر و پەروەردەکەر و ئاراستەکەری خوێندارانە.

ب- پرۆگرامی خوێندن: پرۆگرامیش پایەیەکی گرنگە لە قوتابخانەدا، ئەو پرۆگرامەی کاریگەری ئەرێنی هەیە لە پەروەردەی تاکدا پێویستە پەیوەندی بە ژیان و پێویستیەکانی خوێندکارانەوە هەبێت و هاندەربێت بۆ خوو و ڕەوشتە پەسەندەکان و هەموو تایبەتمەندیە پێویستەکانی کۆمەڵگا لەخۆبگرێت، پێویستە هەموو زانستە مرۆیی و ئەزمونیەکان لەگەڵ شەریعەتدا تێکەڵ بکرێن و ڕەهەندی ڕەوشت و بەهاکان لە زانستەکان جیانەکرێتەوە.

ت- چالاکی قوتابخانە: مەبەست بە چالاکی قوتابخانە ئەو چالاکیانەیە کە لەدەرەوەی پۆل و لە ژێر چاودێری قوتابخانە ئەنجام دەدرێن، وەک چالاکی ڕۆشنبیری و وەرزشی و گەشتی زانستی، دەبێت ئەو چالاکیانەش ئامانجداربن و خوێدنکاران بە ئاڕاستەیەکی باشدا ببەن، چونکە ئەو چالاکیانە گرنگیان کەمتر نیە لە چالاکی ناوپۆل و پرۆگرامی خوێندن.

ث- بەڕێوەبردنی قوتابخانە: سەرکەوتنی قوتابخانە بەستراوەتەوە بە سەرکەوتویی بەڕێوەبردنەکەیەوە، سەرکەوتویی بەڕێوەبردنیش بەستراوەتەوە بە بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو کە بنچینەکانی بەڕێوەبردنی سەرکەوتوو شارەزابێت و لەو بوارەدا لێهاتوو بێت[10]، پێویستە بەڕێوەبەری قوتابخانە پلانی سەرکەوتوی هەبێت بۆ پەروەردەکردن وفێرکردنی خوێندکاران بەپەروەردەیەکی تەندروست و لەگەڵ مامۆستایاندا بەتیم کاربکەن بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی.

## ٤- کۆمەڵگا

مرۆڤ کوڕی کۆمەڵگاکەیەتی و لەژێر کاریگەری دەوروبەریدایە، هەر لەبەر ئەوەیە پێویستە کۆمەڵگایەکی باش هەڵبژێرین بۆ ژیانی خۆمان و منداڵەکانمان، خوای گەورە دەفەرموێت:ﱡ ﱋ ﱌ ﱍ ﱎ مج محمخ مم مى مي نج نح نخنم نى ني هج هم هىﱠ[11]، واتە: (زەوی و خاکی پاک و بەپیت ڕوەک و شینابیەکەی بەفەرمانی خودا دەڕوێت و ئەوەی پیس و بێ خێرە دڕک و داڵ نەبێت لێی ناڕوێت و دەرنایەت)، ئەو ئایەتە نمونەیە بۆ کۆمەڵگای باش و تەندروست لەگەڵ کۆمەڵگای خراپ و نا تەندروست.

## ٥- دەزگاکانی ڕاگەیاندن

لە ئێستادا ڕاگەیاندن بە دەسەڵاتی چوارەم دادەنرێت، گومان لەوەدانیە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن کاریگەری بەهێزیان هەیە لەسەر هزر و خوو و ڕەوشت و هەست و نەستی تاکەکانی کۆمەڵگا، ڕاگەیاندن چەکێکی دوو سەرە و بە چاک و خراپ بەکاردەهێنرێت، هەرلەبەر ئەوە ئەرکی حکومەتە چاودێری ووردی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بکات و پێویستە دایکان و باوکانیش ئاگاداری منداڵەکانیان بن نەیانکەن بە نێچیری ئەو کەناڵانەی کار لەسەر تێکدانی کۆمەڵگا و بەلاڕێ دابردنی تاکەکانی و نەهێشتنی ڕەوشتی پەسەند دەکەن.

## ٦- ڕێکخراو و دەزگا ناحکومییەکان

دەزگا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە لە چوارچێوەی ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا تۆمارکراون و لەژێر چاودێری ئەو فەرمانگەیە و بە پێی پلان و ستراتیژی ئەو کاردەکەن و چالاکیەکانیان هەموو بوارەکانی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و وەرزشی و زانستی وهتد دەگرێتەوە، ئەو ڕێکخراوانەش **ژینگەیەکی تری پەروەردەیین و کاریگەریان هەیە لەسەر پەروەردەکردنی تاک، هەندێک لەو دەزگایانە بەرنامەیەکی تەندروستیان هەیە لە پەروەردەکردن و هەندێکی تریش کۆمەڵگا بە ئاڕاستەیەکی خراپدا دەبن، لێرەدا ئەرکی سەرشانی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانە کە چاودێری کار و بەرنامەی ئەو ڕێکخراوانە بێت و ڕێگە نەدات بەرنامەی نامۆ پیادەبکەن و ڕۆڵی نەرێنی ببینن لە پەروەردەی تاکەکانی کۆمەڵگادا.**

## تەوەری چوارەم: دەزگای نوری حیکمە بۆ پەروەردە و رۆشنبیری

### یەکەم: پێگە و بوارەکانی کارو چالاکی

دەزگای نوری حیکمە بۆ پەروەردە و رۆشنبیری رێکخراوێکی پەروەردەیی رۆشنبیری ناحکومیە، کاردەکات لەسەر پەرەپێدان لە بواری پەروەردەیی و زانستی و فێرکردن و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری قورئانی[12]، لەم باسەدا تیشک دەخەینە سەر مێژووی دروستبونی ئەو رێکخراوە و جوگرافیای کارو چالاکیەکانی و ئەو بوارانەی کە گرنگیان پێدەدات:

### دووەم: مێژووی درووستبونی دەزگای نوری حیکمە

دەزگای نوری حیکمە لە ٢٠٠٧/٨/١٨ی زایینی لە شاری هەولێر و لەسەر دەستی ستافێکی شارەزا و بەئەزموون لە بواری کاری رێکخراوەیی لەژێر ناوی (سەنتەری حیکمە) دامەزراوە، لە دوای چەند ساڵێک لەکار و چالاکی و دوای فراوانبونی جۆر و سنوری کارەکانی ناوەکەی گۆڕدرا بۆ (دەزگای رۆشنبیری نوری حیکمە)، دواتر و لە ساڵی ٢٠١٨ دا بەهۆی نوێکردنەوەی مۆڵەتەکەیان لە فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکانی حکومەتی ناوەند جارێکی تر ناوەکەیان گۆڕی بە (دەزگای نوری حیکمە بۆ پەروەردە و رۆشنبیری و هەتا ئێستاش لەژێر ئەو ناوەدا کاروچالاکی ئەنجام دەدەن[13]، و لە فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکانی هەرێم بە کۆدی (L-49) لە بەرواری ٢٠١٨/٧/٨ تۆمارکراوە و لە ناوەندیش بە ژمارەی (٣٨٣٨) لە بەرواری ٢٠١٨/٩/١٩ تۆمارکراوە.

### سێیەم: جوگرافیای کارو چالاکیەکانی دەزگای نوری حیکمە

کاروچالاکیەکانی دەزگای نوری حیکمە سەرتاسەری هەرێمی کوردوستان بە ناوچە دابڕێندراوەکانیشەوە دەگرێتەوە، ئەو دەزگایە لە ئێستادا نوسینگەی سەرەکی و (١٤) لقی جێگیر و (٤) لقی ئەزموونی هەیە و بەسەر زۆرترین ناوچەکانی کوردوستاندا دابەش بوون بەم شێوەیەی خوارە

نوسینگەی سەرەکی لە هەولێر

لقی سلێمانی لقە ئەزموونیەکانیش بریتین لە:

لقی رانیە

لقی چوارقورنە

لقی سەروچاوە لقی چەمچەماڵ

لقی پێنجوێن

لقی کەرکوک

لقی سۆران

لقی هەڵەبجە لقی سید صادق

لقی پشدەر

لقی خەبات لقی شۆڕش لقی حاجیاوا

لقی گەرمیان

لقی کۆیە لقی شاەزوور

لقی پیرەمەگرون

## چوارەم: بوارەکانی کارو چالاکی دەزگای نوری حیکمە

دەزگای نوری حیکمە لەبوارەکانی رۆشنبیری و پەروەردەییدا کاردەکات و گرنگی تایبەتی بە رۆشنبیری قورئانی و فێرکردن و لەبەرکردنی قورئان و زانستەکانی قورئان بەگشتی و بەتایبەتی زانستی قیرائات دەدات، گەشەپێدانی مرۆیی و چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێب وهاندان بۆ خوێندنەوە و بەستنی کۆڕ و سیمینار و خولی جۆرا و جۆر و خێوەتگەی پەروەردەیش چەند بوارێکی تری کارو چالاکی دەزگای نوری حیکمەن، لە دەزگای نوری حیکمە هەردووک رەگەزی نێرو مێ و لەهەموو تەمەنەکانی منداڵ و نەوجەوان و گەنج و پیر سودمەندن، لەڕووی ئاستی خوێندنەوە هەر لە قۆناغی بنەڕەتیەوە هەتا مامۆستای زانکۆ لەو دەزگایە بەهرەمەندن بە خوێندن و وانە ووتنەوەوە.

لەدەزگای نوری حیکمەدا (٧٤٠) مامۆستا وانە دەڵێنەوەلە هەردووک رەگەزو لەسەرجەم لقەکاندا، وەلە ئێستادا (٨٠٠٠) قوتابی لەو دەزگایە سودمەند دەبن و وانە دەخوێنن[١٤].

زانستەکانی قیرائات و مۆڵەتدان بە ڕشتەی پەیوەست (السند المتصل) یەکێکە لە بوارەکانی کار و چالاکی دەزگای نوری حیکمە، تەنانەت دەزگای نوری حیکمە بە زیندوکەرەوەی ئەو زانستە دادەنرێت لە هەرێمی کوردوستاندا، لقی سلێمانی ئەو دەزگایە پشکی شێری بەردەکەوێت لەبڵاوکردنەوەی ئەو زانستانەدا، سەرەتای وەرگرتنی ئەوزانستە لەناودەزگای نوری حیکمە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٢٠١٠) و لەسەردەستی مامۆستای مۆڵەتدەر پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر دیاری ئەحمەد قەصاب[١٥] کاتێک پۆلێک لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردن مۆڵەتیان لێوەرگرت و پاشان ئەوانیش دەستیانکرد بە بڵاوکردنەوەی ئەو زانستە، لە ئێستاشدا دکتۆر دیاری سەرۆکی لیژنەی باڵای ڕاستاندنی مۆڵەتە لە لقی سلێمانی ئەو دەزگایە.

لە ئێستادا ئەو دەزگایە زیاد لە (٢٠٠) مامۆستای مۆڵەتدەری قیرائات و (٦٠٠) مۆڵەتپێدرا و لە ریوایەتە جۆربەجۆرەکان و زیاد لە (٢٠٠٠) قوتابی قیرائاتی هەیە.

## باسی دووەم

## لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە

کۆمبێسس جۆن-کلود ( combessie Jean – claude ) ئەڵێت: هەڵبژاردنی هەر رێبازێک، وابەستەیە بە ستراتیژیەتی توێژینەوەکەوە[١٦]. هەموو توێژینەوەیەک رێبازێکی دیاری کراوی تایبەت بە خۆی هەیە کە بە پێی سروشتی بابەتەکانی کاری لەسەر دەکرێت.لەبەر ئەوە ئەم باسەمان بەسەر چەند تەوەرەیەک دابەشکردووە.

### تەوەری یەکەم: رێبازی پەیرەوکراو.

هەڵبژاردن و پشت بەستن بە رێبازی وەسفی شیکاری لەلایەن هەردوو توێژەر،شێوازی کارکردنی لەتوێژینەوەکە ئاسانتر کرد.لەبەر ئەوەی ئەم رێبازە گرنگی ئەدات بە لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگەلێک ڕاستی کە تایبەتە بە سروشتی کارکردنی دەزگای نوری حیکمە بۆ پەروەردەو رۆشنبیری، هەروەها شێوازێکە بۆ دیاریکردنی کێشەو ئامانجەکان لەناو توێژینەوەکە،هەروەها دەرخستنی بوارەکانیەتی لەڕووی وەرگرتنی نموونەو شوێن و جۆری زانیاریە داواکراوەکان، ستراتیژیەتی توێژینەوەکەش وای خواست کەهەڵبژاردنی گریمانەکان و لێکۆڵینەوە مەیدانیەکە لەسەر ئەم جۆرە شێوازەبێت.

### تەوەری دووەم: میکانیزمی کۆکردنەوەی زانیاریەکان.

هەڵبەت بۆ سەرکەوتنی هەر توێژینەوەیەکی زانستی مەیدانی، پێویستە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان پشت بە کۆمەڵێک لە میکانیزم و ئامراز ببەسترێت کە تەواوی زانیاریەکان پشتڕاست بکاتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش چەند میکانیزم وئامرازێک بۆ توێژینەوەکە گیراوەتەبەر، لەوانە:

**فۆڕمی ڕاپرسی:**

بەمەبەستی خزمەتکردنی کۆنفرانس و دەزگای نوری حیکمە، هەردوو توێژەر فۆڕمی ڕاپرسیان لەژێر ناونیشانی ( ڕۆڵی دەزگای نوری حیکمە لە پێگەیاندنی تاک )لە سێ ڕووانگەوە پرسیارەکانیان ئاشکراکرد:

**ڕووانگەی یەکەم:** ڕووانگەی فێربوون( تایبەت بە دەزگا): ئەم تەوەرە باس لە کاریگەری ورۆڵی دەزگا دەکات لە فێرکردنی فێرخوازان لەبوارەکانی قورئاندا( زانستی قورئان وجوان خوێندنەوە و لەبەرکردن ..)کەڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پەروەردەی تاک و خانەوادەو کۆمەڵگەوە هەیە. لەم تەوەرەدا سیانزە(١٣) پرسیار ئاڕاستەکراوە، کە ئایا دەزگای ناوبراو لەڕووی فێربوونەوە چ ڕۆڵێکی بینیووە؟ ئایا فێربوونی قورئان تا چ ئاستێک بووەتە هۆی گەشەسەندنی بیری مرۆیی؟.

**ڕووانگەی دووەم:** ڕووانگەی پەروەردە( تایبەت بە کۆنفراس): ئەم تەوەرە خۆی لە حەڤدە(١٧) پرسیاردا دەبینێتەوە، کە ئایا ئەم دەزگایە ڕۆڵ و کاریگەری لەسەر بواری پەروەردەی تاک و خانەوادەکان داناوە؟

**ڕووانگەی سێیەم:** ڕووانگەی چالاکی و گشتی( تایبەت بە دەزگا): لەم تەوەرەدا بیست(٢٠) پرسیار ئاڕاستەی فێرخوازان و مامۆستایان و دایک و باوکان کراوە، کە ئایا دەزگا چ ڕۆڵێکی بینیووە لە چارەسەرکردنی گرفتەکانی تاک و تا چ ئاستێک ڕازین لە دەزگای ناوبراو؟.

پاشان ڕاوپێشنیاری تایبەت بە دەزگا لە فۆڕمەکەدا وەرگیراوە.

**کەسایەتی توێژینەوەکە: پرسیاری ئاڕاستەکراو لە هەردوو ڕەگەز( نێر و مێ) کە ئەم کەسایەتیانەی لە خۆ گرتبوو: فێرخوازان، مامۆستایانی دەزگا، دایک و باوکی فێرخواز.**

**بوارەکانی توێژینەوەکە:**

- بواری کات وخایاندنی توێژینەوەکە(فۆڕمی ڕاپرسی): لە **١٥|7|٢٠١٩ تا ١|٩|٢٠١٩** ی خایاند.
- بواری شوێنی توێژینەوەکە(فۆڕمی ڕاپرسی): فۆڕمەکە لەم شوێنانەی لای خوارەوە دابەشکراوە:

ناوەندی پارێزگای سلێمانی، ناوەندی پارێزگای هەولێر، ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە، ئیدارەی گەرمیان( قەزای کەلار)، ئیدارەی ڕاپەڕین ( حاجی ئاوا )، قەزای سۆران.

1- نموونەی وەرگیراو: هەردوو توێژەر بەمەبەستی ئەنجامدانی ڕاپرسی لە ناو دەزگای نوری حیکمە، شوێن و کەسایەتی و ئاستی خوێندن و ڕەگەزی جیاوازیان هەڵبژارد و لە (٣) ڕوانگەوە (٣٠) پرسیاریان ئاڕاستەکردن.

2- دابەشکردن و وەرگرتنی نموونەکان: هەر ناوچەیەکی ناوبراو سەد(١٠٠)فۆڕمی بەسەردا دابەشکراوە، کە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

- ناوەندی پارێزگای سلێمانی: سەد ( ١٠٠) فۆڕم دابەشکراوە و حەفتاوشەش(٧٦) فۆڕم گەڕاوەتەوە.
- ناوەندی پارێزگای هەولێر: سەد ( ١٠٠) فۆڕم دابەشکراوە و یازدە(١١) فۆڕم گەڕاوەتەوە.
- ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە: سەد ( ١٠٠) فۆڕم دابەشکراوە و پەنجاوپێنج(٥٥) فۆڕم گەڕاوەتەوە.
- ئیدارەی گەرمیان( قەزای کەلار)، سەد ( ١٠٠) فۆڕم دابەشکراوە و پەنجاو هەشت(٥٨) فۆڕم گەڕاوەتەوە.
- ئیدارەی ڕاپەڕین( حاجی ئاوا )، سەد ( ١٠٠) فۆڕم دابەشکراوە و چل ونۆ(٤٩) فۆڕم گەڕاوەتەوە.
- قەزای سۆران. سەد ( ١٠٠) فۆڕم دابەشکراوە و شەست وشەش(٦٦) فۆڕم گەڕاوەتەوە.

**تێکڕای فۆڕمی دابەشکراو: ( ٦٠٠ ) فۆڕم.**

**فۆڕمی گەڕاوە: ٣١٥ فۆڕم.**

## تەوەری سێیەم: دەرخستەو شیکاری زانیارییەکان

### یەکەم: دەرخستەو شیکاری زانیاریە کەسییەکان

خشتەی ژمارە ( ١ ) تایبەتمەندی تاکی وەرگیراو بۆ توێژینەوەکە، دەرخستنی تەمەنەکەیەتی.

| تەمەن | دووبارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| - ١٧ | ١٦٥ | %٥٥ |
| ١٨ – ٢٩ | ٦٧ | %٢٢،٣٣ |
| ٣٠ - | ٦٨ | %٢٢،٦٦ |
| تێکڕا | ٣٠٠ | %١٠٠ |

لەم خشتەیەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کەزۆرترین فێرخواز ( %٥٥ ) لە دەزگای ناوبراو ئاستی تەمەنیان کەمترە لە ( ١٧ ) ساڵ. ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە تازە پێگەیشتوان خوازیاری زیاتری خوێندنن. وەکەمترین ڕێژەش تەمەنی گەنجانن کە ( %٤٥ ) پێکدێن.

**خشتەی ژمارە ( ٢ ) دەرخستن و نیشاندانی ڕەگەزی بەشداربوو.**

| ڕەگەز | دووووبارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| نێر | ١٣٣ | %٤٢،٢٣ |
| مێ | ١٨٢ | %٥٧،٧٧ |
| تێکڕا | ٣١٥ | %١٠٠ |

لێرەدا نیشاندەری ئەوەیە کەزۆرترین فێرخواز لەم دەزگایە( %٥٧ ) لەڕەگەزی مێینەن و کەمترین ڕێژەش ڕەگەزی نێرینەن ( %٤٢ )، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە ڕەگەزی مێینە زیاتر ئەوداڵی خوێندنن.

**خشتەی ژمارە( ٣ )پسپۆری و ئاستی خوێندەواری.**

| ئاستی خوێندن | دووبارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| ماستەرودکتۆرا | ٥ | %١،٦٢ |
| دبلۆم وبەکالۆریۆس | ٩١ | %٢٩،٦٤ |
| ئامادەیی و خوارتر | ٢١١ | %٦٨،٧٢ |
| تێکڕا | ٣٠٧ | %١٠٠ |

لە خشتەی سەرەوە وادەردەکەوێت زۆربەی بەشداربووانی دەزگای نوری حیکمە ئاستی خوێندەواریان ( %٦٨ ) کەمترە لە ئامادەیی و کەمترین ڕێژەش کە ( %١ ) بەر خوێندنی باڵا دەکەوێت.

**دووەم: دەرخستەو شیکاری زانیارییە مەیدانیەکە.**

ڕووانگەی پەروەردەی فۆڕمی ڕاپرسی کە تایبەت بوو بە کۆنفرانس، حەڤدە ( ١٧ ) پرسیاری جۆراو جۆری لە خۆگرتبوو،کەهەموو پرسیارەکان تایبەت کرابوو بە ڕۆڵ وکاریگەری دەزگا لە پەروەردەکردنی تاکدا،کە لەم دەرخستەو خشتانەی خورەوە **دەردەکەوێت:**

**خشتەی ژمارە ( ٤ ) ئایا دەزگا توانایی کاریگەری و ڕۆڵی بەسەر پەروەردەی تاکەکاندا هەیە؟**

| | کەم | پەسەند | باش | زۆرباش |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٢٤ | ٣٦ | ١٣٤ | ١١٣ |
| ڕێژە | %٧.٨٢ | %١١.٧٣ | %٤٣.٦٥ | %٣٦.٨١ |

لێرەدا ڕۆڵی دەزگای نوری حیکمە بەڕوونی لەپەروەردەکردنی تاکەکاندا بەڕێژەی ( %٣٦ ، %٤٣ ) دەردەکەوێت، کەپێویستە ئەم جۆرە دەزگایانە بەهەند وەربگیرێت و کاری لەسەر بکرێت. هەرچەندە بەڕێژەی (%٧) ڕۆڵی دەزگایان لەپەروەردەکردنی تاک بە کەم نیشان داوە، توێژەر بۆ ئەوەی دەگەڕێنێتەوە کە دەزگای نوری حیکمە زیاتر سەرقاڵی کاری فێرکردنی قورئان و جوان خوێندنەوەین.

**خشتەی ژمارە ( ٥ ) ئایا دەزگا بووەتە هۆکاری بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکان لە ناو خانەوادەکاندا؟**

| | کەم | پەسەند | باش | زۆرباش |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٢٤ | ٣٦ | ١٣٤ | ١١٣ |
| ڕێژە | %٧.٨٢ | %١١.٧٣ | %٤٣.٦٥ | %٣٦.٨١ |

هاوسەنگی و یەکسانی ئەم ڕێژەیە لەگەڵ ڕێژە و پرسیاری پێشتر دەرخەری ئەو ڕاستییە کە دەزگای نوری حیکمە کەم تا زۆر ڕۆڵی ئەرێنی هەیە لە بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکانی یەک خێزان.

**خشتەی ژمارە ( ٦ ) ئایا دایک و باوکی فێرخواز لەڕووی پەروەردەییەوە هەست دەکەن ڕۆڵەکانیان گۆڕانکاری تیایاندا ڕووی داوە؟**

| | کەم | پەسەند | باش | زۆرباش |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٨ | ٢٣ | ١٤١ | ١٣٠ |
| ڕێژە | %٢.٦٥ | %٧.٦٢ | %٤٦.٦٩ | %٤٣.٠٥ |

دەرکەوتنی دوو ڕێژەی نزیک لەیەک ( %٤٣.٠٥ ، %٤٦.٦٩ ) هەستکردنی دایک و باوکی فێرخوازانە لە و گۆڕانکاریە پەروەردەییەی لە خودی فێرخوازاندا ڕوویان داوە، وەکەمترین ڕێژەش ( %٢.٦٥ )ە کە گۆڕانکاری ڕووی نەداوە.

**خشتەی ژمارە ( ٧ ) ئایا دەزگای ناوبراو ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ خانەوادەی فێرخوازاندا هەیە؟**

| | کەم | پەسەند | باش | زۆرباش |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٦٨ | ٦٤ | ٩٤ | ٧٠ |
| ڕێژە | %٢٢،٩٧ | %٢١،٦٢ | %٣١،٥٦ | %٢٣،٦٥ |

لەسەر پەیوەندی دەزگا بە خانەوادەی فێرخوازان ڕێژەیەکی نزیک لەیەکدی بەدی دەکرێت کە نیشاندەری ئەوەیە کە کارمەندانی دەزگا بەشێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندی گەرمییان لەگەڵ کەسانی نزیک لە فێرخوازان لە ئاستی زۆرپێویست نییە، کە دەکرێت گەرمترو باشتر بکرێت.

**خشتەی ژمارە ( 8 ) ئایا فێرخواز لەڕێگای ئەم دەزگایەوە لە هەندێک لە ئاداب وعرفی نادروست دورکەوتوەتەوە؟**

| | کەم | پەسەند | باش | زۆرباش |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٨ | ٢١ | ١٣٥ | ١٤١ |
| ڕێژە | %٢،٦٢ | %٦،٨٩ | %٤٤،٢٦ | %٤٦،٢٣ |

**خشتەی ژمارە ( ٩ ) ئایا دەزگا توانیویەتی پاڵپشتێکی باشبێت لەدورخستنەوەی نەوەکان لە شوێنە خراپ بەکارهێنراوەکانی وەک ( شوێنی نێرگەلەکێشان و سینەما...... ؟**

| | کەم | پەسەند | باش | زۆرباش |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٥ | ٢٤ | ٧٣ | ١٩٤ |
| ڕێژە | %١،٦٩ | %٨،١١ | %٢٤،٦٦ | %٦٥،٥٤ |

هەردوو خشتەی ژمارە ( ٨ ، ٩ ) دەرخەری هاوسەنگی دوو ڕێژەیە لە نێوان ڕۆڵی دەزگا و کاریگەریەکانی لەسەر دوورخستنەوەی تاکەکان لەهەندێک لەعورف و شوێنی نادروست لە کۆمەڵگەدا وبەهێزکردنیانە لەڕووی ئاداب ورەوشتە خوازراوەکانی کۆمەڵگە.

**خشتەی ژمارە ( ١٠ ) ئایا دەزگای نوری حیکمە توانیویەتی لایەنی پەروەردەی فێرخواز لە سیفاتی ڕاستگۆیی و گوێڕایەڵی دایک و باوک و گفتوگۆی دروست بەرەو پێش بەرێت؟**

| | کەم | پەسەند | باش | زۆرباش |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٩ | ٢٦ | ١٣٥ | ١٣٤ |
| ڕێژە | %٢،٩٦ | %٨،٥٥ | %٤٤،٤٢ | %٤٤،٠٨ |

لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا ڕۆڵی دەزگا بە ڕوونی لە پەروەردەکردنی تاک و بەهێزکردنی کۆمەڵگەلێک سیفاتی ناوازە دەبینرێت، لە ڕاستگۆیی و گوێڕایەڵی دایک و باوک و هەوڵدان بۆ گفتوگۆی دروست لەگەڵیاندا.لەگەڵ بوونی ڕێژەیەکی کەم ( %٢،٩٦ ، %٨،٥٥ ) لەکەمی ڕۆڵی دەزگا لە سیفاتی ناوبراو، ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە دەزگا ڕۆڵی پەروەردەی زیاتر بگێڕێت بۆ دروستکردنی تاکێکی سەربەرز بەرەو کۆمەڵگایەکی دروست تر.

**خشتەی ژمارە ( ١١ ) ئایا دەزگای نوری حیکمە توانیویەتی لایەنی پەروەردەیی فێرخواز لە سیفاتی پاک وخاوێنی ودەست پاکی ورێزی بەرامبەر بەرەو پێش بەرێت؟**

| | کەم | پەسەند | باش | زۆرباش |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٥ | ٢٧ | ١٠٩ | ١٦٦ |
| رێژە | %١،٦٣ | %٨،٧٩ | %٣٥،٥٠ | %٥٤،٠٧ |

لێرەدا بەرزترین رێژەی ( %٥٤ ) بۆ توانایی و کاریگەری دەزگا لەپەروەردەکردنی تاک لە رووی دەست پاکی و پاک و خاوێنی و رێزگرتنی بەرامبەر، و رێژەی ( %٣٥ ) بەپلەی باش، هەنگاوێکی ترە لەو هەنگاوانەی دەزگا ناویەتی لەبەرەو پێشچوونی لایەنی پەروەردەیی.

**خشتەی ژمارە ( ١٢ ) ئایا دەزگای نوری حیکمە توانیویەتی لایەنی پەروەردەیی فێرخواز لە رووی بەخشندەیی وسۆز ومیهرەبانی ونەرم ونیانی بەرەو پێش بەرێت؟**

| | کەم | پەسەند | باش | زۆرباش |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ١٣ | ٣٠ | ١٣٩ | ١٢٦ |
| رێژە | %٤،٢٢ | %٩،٧٤ | %٤٧،١٣ | %٤٠،٩١ |

بەپێی ئەم وەڵامە دەزگا قۆناغێکی گەورەی بریوە لە پەروەردەکردنی تاک بەرێژەیەکی باش ( %٤٧ ، %٤٠ )، هیوا بەخشی ودوورخستنەوەی تاک لە توندرەوی و بەهێزکردنی تا ئاستی بەخشندەیی، تەکانێکی ترە لە هەوڵ و کاریگەری دەزگا لە پەروەردەکردنی تاکی تەندروست.

**خشتەی ژمارە ( ١٣ ) ئایا دەزگای نوری حیکمە توانیویەتی لایەنی پەروەردەیی فێرخواز لە رووی ئارامگری وهاوکاری و خۆشەویستنی تاک وکۆمەڵگە بەرەو پێش بەرێت؟**

| | کەم | پەسەند | باش | زۆرباش |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ١٤ | ٥٤ | ١٢٧ | ١٠٥ |
| رێژە | %٤،٦٧ | %١٨،٠٠ | %٤٢،٣٣ | %٣٥،٠٠ |

**خشتەی ژمارە ( ١٤ ) ئایا دەزگای نوری حیکمە توانیویەتی فێرخواز فێری دڵسۆزی لەکاردا بکات؟**

| | کەم | پەسەند | باش | زۆرباش |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٨ | ٢٧ | ١٣٣ | ١٣٢ |
| رێژە | %٢،٦٧ | %٩،٠٠ | %٤٤،٣٣ | %٤٤،٠٠ |

خشتەی ژمارە ( ١٣ ، ١٤ ) بەشێوەیەکی بەرچا وباش وبەرێژەی تێکرای ( %٤٠ )هەوڵەکانی دەزگا بۆ چالاک کردنی تاک و فێربوونی ئارامگری و خۆشەویستی کۆمەڵگە وکارکردن بەدڵسۆزی بەرچاو دەکەوێت.

**خشتەی ژمارە ( ١٥ ) ئایا دەزگای نوری حیکمە تا چ ئاستێک توانیویەتی فێرخوازان ڕێنموبی بکات کە ڕێز لە خوشک وبراکانی لە ناو خانەوادەکەی بگرێت؟**

| | کەم | پەسەند | باش | زۆرباش |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ١٣ | ٣٠ | ١٣٧ | ١٢٣ |
| ڕێژە | %٤،٢٩ | %٩،٩٠ | %٤٥،٢١ | %٤٠،٥٩ |

**خشتەی ژمارە ( ١٦ ) ئایا دەزگای نوری حیکمە تا چ ئاستێک توانیویەتی فێرخوازان ڕێنموبی بکات کە ڕەچاوی ئادابە جوانەکانی ئیسلام لە ناو خانەوادەکەی بکات؟**

| | کەم | پەسەند | باش | زۆرباش |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ١٢ | ٣٢ | ١٤٠ | ١١٢ |
| ڕێژە | %٤،٠٥ | %١٠،٨١ | %٤٧،٣٠ | %٣٧،٨٤ |

لە هەردوو خشتەی ژمارە ( ١٥ ، ١٦ ) ئاست وهیمەتی دەزگا لە بواری پەروەردەیی خێزانیدا بەڕێژەی (%٤٢) بە تێکڕای دەردەکەوێت، هەرچەندە ڕێژەی ( %٧ ) بە تێکڕای بۆ ڕۆڵی دەزگا لەگرنگی کەم ناکاتەوە، ئەمەش لەبەر زۆری هۆکارەکانی لەخشتەبردن و فریودانی تاکە لەکۆمەڵگەدا.

**خشتەی ژمارە ( ١٧ ) ئایا دەزگای نوری حیکمە تا چ ئاستێک توانیویەتی فێرخوازان ڕێنموی بکات کە تەنها هاوڕێیەتی کەسانی شیاوو تەندروست بکەن؟**

| | کەم | پەسەند | باش | زۆرباش |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٩ | ٢٩ | ٩٤ | ١٧٤ |
| ڕێژە | %٢،٩٤ | %٩،٤٨ | %٣٠،٧٢ | %٥٦،٨٦ |

لێرەوە ڕێرەوێکی تری پەروەردەی دەزگا دەبینرێت کەبەڕووی فێرخوازاندا واڵای کردووە کە ئەویش ڕاهێنانیانە بەشێوەیەکی تەندروست بۆ هاوڕێگرتنی کەسانی شایستە ودڵسۆز وگونجاو. ڕێژەی ( %٥٦ ) وەڵام دەرەوەی ئەو واقیعەیە کە هێشتا زۆرێک لە تاکی نیشتیمان بەدوای کەسانی شیاودا عەودالن.

پاشان بەمەبەستی وەرگرتنی دیدو بیرو بۆچوونی فێرخوازان لەسەر خودی دەزگا و مامۆستاکانی، هەردوو توێژەر دوو پرسیاری تایبەتیان ئاراستەی فێرخوازان کرد, هەروەک لە خشتەی ( ١٨ ، ١٩ )دا دەردەکەوێت.

**خشتەی ژمارە ( 18 ) ئایا بەڕێزتان وەک تاکێکی فێرخواز تا چ ئاستێک لە خودی دەزگای نوری حیکمە ڕازین؟**

| | کەم | پەسەند | باش | زۆرباش |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٨ | ٢٤ | ٩٨ | ١٨١ |
| ڕێژە | %٢،٥٧ | %٧،٧٢ | %٣١،٥١ | %٥٨،٢٠ |

**خشتەی ژمارە ( ١٩ ) ئایا بەڕێزتان وەک تاکێکی فێرخواز تا چ ئاستێک لە مامۆستایانی دەزگای نوری حیکمە ڕازین؟**

| | کەم | پەسەند | باش | زۆرباش |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٤ | ٩ | ٥٨ | ٢٣٤ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ڕێژە | %١،٣١ | %٢،٩٥ | %١٩،٠٢ | %٧٦،٧٢ |

ئەرکی مامۆستا وتواناکانی بەدەر لە ئەرکە بنەڕەتیەکەی خۆی، خۆبەخشانە لەم ڕێژە زۆر و بەرفراوانەدا (٧٦%)بەدی دەکریت، ڕێژەی کەمی ( ٤% )یش لەو پێشنیارانەی کەبۆمان نوسراون سەرچاوەی گرتووە کە داوا دەکەن مامۆستای شارەزاتر وانەکان بڵێنەوە، هەروەها جیاوازی نێوان فێرخوازان کەم بکەنەوە.

## گفتوگۆی دەرئەنجامەکان:

دوا بەدوای شەن وکەوکردنی دەرخستەی زانیاریەکان لەسەر ڕۆڵی پەروەردەیی دەزگای نوری حیکمە لەسەر تاک،دەگەینە چەند دەرئەنجامێکی گرنگ لە چەند ڕوویەکەوە: لەڕووی مێژووی دامەزراندنی دەزگاوە، فراوان بوونێکی گەورە وهەمە چەشنە بەدی دەکرێت. لەڕووی ژمارەی فێرخوازان ومامۆستایان وپانتایی جوگرافی و جێکەوتەو کاریگەریەکانی لەسەر تاک بەشێوەیەکە کە هێڵی گشتی کارکردنی دەزگا وا دەخوازێت کە گۆڕانکاری بنەڕەتی و پێداچوونەوە بەهەنگاوەکانی ئایندەی بکات، هاوتەریب لەگەڵ پێشکەوتنەکانی دونیا هەنگاو بنێت. لەگەڵ ئەم هەموو فراوان بوونەی دەزگا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە بوونی ئەم جۆرە دەزگایانە بووەتە پێویستی هەنوکەیی ڕۆژگار وکۆمەڵگەی تەندروست.

لەڕوویەکی ترەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە بوونی دەزگای نوری حیکمە چ کاریگەریەکی ئەوتۆی لەسەر تاک وخانەوادە وکۆمەڵگە لە بواری پەروەردەیدا دروستکردووە، بەجۆرێک تاکی فێرخواز هەم سوودمەندی زانستی بووە هەم سوودمەندی ڕۆشنبیری و دەروونی، لێرەدا جارێکی دی فێرخواز سەرلەنوێ بەووزەیەکی دی لە گۆڕەپانی فێربوون وپەروەردەیدا ئەسپی خۆی تاوەدات. تاک بەجۆرێک پەروەردە بووە کە گۆڕەپانەکەی پێ ئاسوودەبووە، کۆمەڵگە هیوا بە نموونەی لەم جۆرە تاکانە دەخوازن، فێرخوازان لە وەڵامەکانی خۆیانەوە ئەوەیان بەگوێماندا چرپاند کە لە تەواوی سیفات و بەهابالاکانی ڕەوشتدا دەتوانن پێشرەوایەتی بکەن و تاکێکی تەندروست ومیانڕەوبن لە کۆمەڵگە.

ڕێژەیەکـــی بـــاش لە فێرخـــوازان ئاماژەیـــان دا کە یەکێـــک لە هۆکارەکـــانی دوورکەوتنەوەیـــان لە شـــوێنە نـــا تەندروســـتەکانی وەک شـــوێنی نێرگەلەکێشـــان و ســـینەما وقومارخانەکـــان و دوورکەوتنەوەیـــان بەشـــێوەیەکی بەرچـــاو لە ئامێرە پێشکەوتووەکان دەگەڕێننەوە بۆ ڕۆڵی بەرفراوانی دەزگای ناوبراو.

دەرئەنجامی هەموو ڕاپرسیەکان نیشاندەری ئەوەن کە:

- دەزگای نوری حیکمە ڕۆڵی گەورەی گێڕاوە لە دروستکردنی تاکی میانڕەو وتەندروستدا.
- دەزگا تا ئاستێکی باش ئاشتەوای کۆمەڵایەتی بۆ خانەوادەکان گەڕاندووەتەوە.
- بەهێزکردنـــی ســـیفاتی ڕاســـتگۆیی و دەســـت پـــاکی و پـــاک وخـــاوێنی و ئـــارامگرتن وبەخشـــندەیی و ســـۆز و ڕێزگرتنـــی بەرامبەر ودڵسۆزی لە کاردا بە جێکەوتە ئەرێنییەکانی دەزگا هەژماردەکرێت.

## کۆتایی:

لە کۆتـــایی ئەم تـــوێژینەوەیەدا ئامـــاژە دەکەیـــن بە گرنگـــی بـــاس وخواســـتکردن لەســـەر ڕۆڵـــی دەزگـــا لە پەروەردەکردنـــی تـــاک لە نـــاو خانەوادەکـــان، کە خـــاوەن ڕەهەنـــدێکی دوولایەنەیە، لایەنێکـــی ئـــاییی پەیوەنـــدار بە کـــۆکردنەوەی تێشـــووی دواڕۆژوژیـــانی کـــۆمەڵایەتی کـــۆمەڵگە، هەروەهـــا لایەنێکـــی تـــر پتەوکـــردن و بەهێزبـــوونی خـــودی تاکە لەڕووی دەروونی و ویژدانیەوە.

- دیـــاردەی کـــۆمەڵایەتی نەرێنـــی بەجۆرێـــک لە نـــاو کـــۆمەڵگەی کوردیـــدا تەشـــەنەی ســـەندووە کە تـــاکی گیـــرۆدەی حەزێکـــی نەخـــوازراو کـــردووە، کـــۆمەڵگەی بەرەو دووڕیانێـــک ملـــکەچ کـــردوە کەئەگەر بێتـــوو خەمێکـــی لـــێ نەخورێـــت دوور نیـــیە بەرەو ئاقـــارێکی خراپـــی نەبـــات، خێـــزان وەک بەشـــێک لە نـــاو کەشـــتی کـــۆمەڵگەدا بە جۆریـــک تووشـــی زیان هاتووە کە تاکەکانی هێواش هێواش بەرەو لێکترازان دەچێت.

- لێرەدا گرنگی ئەم جۆرە دەزگایانە دەردەکەوێت کە هۆکارێکی ئەرێنی فرە باشن بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەو بنیاتنانەوەی خێزان و ڕزگارکردن و لەنگەرگرتنی کەشتی بەختەوەری کۆمەڵگە.
- لە کۆتایدا سوپاسی خوای میهرەبان دەکەین لە بۆ ناز ونیعمەتی پێکەوەبوونی کۆمەڵایەتی وهاوسۆزی خانەوادەیی وسەرفرازی تاکەکان، داوای لێبووردنیش لەهەڵە وکەم وکوڕیەکان دەکەین. خوای بەبەزەی دەفەرموێت( وما أوتيتم من العلم الا قليلا).

## ڕاسپاردەکان:

زۆرجار ڕەخنە ونەنگی لە زۆرێک لە توێژینەوە مەیدانیەکان دەگیرێت لەسەر ئەوەی کە تەنها بۆ بەرژەوەندی دەزگایەک یان بەڕێوەبەرایەتیەکی دیاری کراو ڕاسپاردەکان دەنوسرێت، بەڵام هەردوو توێژەر بێلایەنانە دروست لەگەڵ وەڵامەکان و پشت بەستن بە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە ڕاسپاردەکانیان لەسەر واقعی کۆمەڵگە بەم شێوەیە پێشنیار کردووە:

- گرنگی دانی زیاتری دەزگا بەلایەنی پەروەردەی تاک بەپەروەردەیەکی تەندروست ومیانڕەو وزیاتر کردنی وانە پەروەردەییەکان، هاوسەنگ لەگەڵ فێرکردنی قورئانی پیرۆز.
- چاودێریکردنی تاک و ڕێنماییکردنیان بەدوورکەوتنەوە لەناوەندە نەرێنییەکانی کۆمەڵگە وبەهێزکردنی لایەنی دەروونیان.
- زاڵکردنی زمانی لێکتێگەیشتن لە نێو تاکەکان وفراوانکردنەوەی پەیوەندیە توندوتۆڵەکانی کۆمەڵایەتی جاران.
- گرنگی دانی زیاتری دام و دەزگاکانی حکومەت بە ڕێکخراوە ناحکومیەکان، بە تایبەت دەزگا پەروەردەییەکان.

## پەراوێزەکان

---

[١] - یروانە: پێگەی فەرمی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان (https://www.dngo.gov.krd)، مێژووی سەردان ٢٠١٩/٩/٣.

[٢] - بروانە پێگەی فەرمی ڕێکخراوە ناحکومیەکان (https://www.dngo.gov.krd/Article-60)، ڕۆژی سەردان ٢٠١٩/٩/٤.

[٣] - أسس التربية، علي القائمي (بيروت: دار النبلاء، ط١، ١٤١٥هـ/١٩٩٥م)، لا٢٥-٣٢.

[٤] - بيئات التربية الإسلامية، عباس محجوب (لە بڵاوكراوەكانی زانكۆی ئیسلامی لە مەدینەی منەوەرە، ط١٢، ژمارە:٤٦، ربيع الآخر- جمادى الأولى- جمادى الثانية، ١٤٠٠هـ) لا١٠٤.

[٥] - بروانە: أصول التربيه الإسلامية، خالد بن حامد الحازمي (الرياض: عالم الكتب، ط١، ١٤٢٠هـ/٢٠٠م) لا٣٠٧.

[٦] - سورەتی طه: ١٣٢ .

[٧] - سورەتی النور: ٣٧ - ٣٨

[٨] - أصول التربية الإسلامية، لا ٣٠٠-٣٠٣.

[٨] - بيئات التربية الإسلامية، لا١٠٩-١١١.

[٩] - أصول التربية الإسلامية، لا٣٥٤.

[١٠] - بـــڕوانه: پەیـــڕەوی نـــاوخۆی دەزگـــای نـــوری حـــیکمه (پەســـەندکراوی پێنجەمـــین کۆبـــونەوەی ئاســـایی دەستەی گشتی، شوال ١٤٣٨ھ/ تەمموز٢٠١٧م)، لا٣.

[١١] -سورەتی الاعراف: ٥٨ .

[١٢] - چـــاوپێکەوتن لەگەڵ ســـەرۆکی دەزگـــای نـــوری حـــیکمه بەڕێـــز: دکتـــۆر عبـــدالله حەداد لەبەرواری ٢٠١٩/٩/٧.

[١٣] - چاوپێکەوتنی سەرۆکی دەزگای نوری حیکمه دکتۆر عبدالله حەداد.

[١٤] - بـــڕوانه: طريقـــة الإقـــراء وتعلـــيم القـــرآن فـــي كردســـتان، مؤسســـة نـــور الحكمـــة الثقافيـــة فـــي الســـليمانية نموذجًـــا، ديـــاري أحمـــد إســـماعيل القصـــاب و هيـــوا عزيـــز ســـعيد (الجامعـــة العراقيـــة، مجلـــة العلـــوم الإسلامية، ملحق العدد التاسع، ١٤٣٦ھ/٢٠١٥م) لا ٤٥٠.

[١٥] - پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە کۆلێژی پزیشکی زانکۆی سلێمانی

[١٦] - مقدمة في علم الاجتماع، عثمان ابراهيم ، دار الشروق – عمان، ط١، ( ١٩٩٩م).ص٦٥

**لیستی سەرچاوەکان:**


القرآن الكريم:

كوردی:

١- پـــێگەی فەرمـــی فەرمـــانگەی ڕێکخـــراوە ناحکومیەکـــان(https://www.dngo.gov.krd)، مێـــژووی سەردان: ٣ – ٩ - ٢٠١٩ .

٢- پەیـــڕەوی نـــاوخۆی دەزگـــای نـــوری حـــیکمه( پەســـەندکراوی پێنجەمـــین کۆبـــوونەوەی ئاســـایی دەستەی گشتی، شوال ١٤٣٨ھ – تەمموز ٢٠١٧ز)

٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی دەزگای نوری حیکمه بەڕێز عبدللە حداد لەبەرواری ٧-٩-٢٠١٩.

**عەرەبی:**

1 -أسس التربية، علي القائمي (بيروت: دار النبلاء، ط١، ١٤١٥ھ/١٩٩٥م).

2 -أصـــول التـــربيه الإســـلامية، خالـــد بـــن حامـــد الحـــازمي (الريـــاض: عـــالم الكتـــب، ط١، ١٤٢٠ھ/٢٠٠م) .

3 -بيئـــات التربيـــة الإســـلامية، عبـــاس محجـــوب (مـــن منشـــورات الجامعـــة الاســـلامية فـى المدينـــة المنـــورة، ط١٢، ژمارە:٤٦، ربيع الآخر- جمادى الأولى- جمادى الثانية، ١٤٠٠ھ) .

4 - طريقـــة الإقـــراء وتعلـــيم القـــرآن فـــي كردســـتان، مؤسســـة نـــور الحكمـــة الثقافيـــة فـــي الســـليمانية انموذجًـــا، ديـــاري أحمـــد إســـماعيل القصـــاب و هيـــوا عزيـــز ســـعيد (الجامعـــة العراقيـــة، مجلـــة العلوم الإسلامية، ملحق العدد التاسع، ١٤٣٦ھ/٢٠١٥م).

5 -مقدمة في علم الاجتماع، عثمان ابراهيم ، دار الشروق – عمان، ط١، ( ١٩٩٩م).